وەزیری رۆشنبیری و لاوان لە نمایشیی فیلمی تەمبووری کوردی لە مۆسکۆ ئامادە دەبێت

وەزیری رۆشنبیری و لاوان لە نمایشیی فیلمی تەمبوور لە مۆسکۆ ئامادە دەبێت.

حەمەی حەمەسەعید، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان لە سێیەم رۆژی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی مۆسکۆ، ئامادەی نمایشی فیلمی "تەمبوور" بوو.

بڵاوکراوەی سایتی فەرمی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، "فیلمێکی لایەن دەرهێنەر و میوزیکژەنی کورد "فەرید ئیلهامی" دەرهێناوە، ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە ناسنامەی ئامێری میوزیکی تەمبوور دەکات".

هاتووە، فەرید ئیهامی میوزیکژەن و دەرهێنەری کورد، لە یەکەم ڕۆژی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی کوردی مۆسکۆ چەند ئاوازێکی میوزیکی پێشکەش کرد و بەرهەمەکەی بووە مایەی بایەخپێدانی ناوەندە کولتووری و هونەری و ئەکادیمییەکانی ڕووسیا و کۆنسێرڤاتۆری چایکۆفسکی پێشنیازی کرد، فەرید ئیلهامی لە زەربەی شارەکانی ڕووسیا کۆنسێرتی هونەری ساز بکات.